Mindsets and Motivation

شێوەبیر و ئەنگیزە

Carol Dweck

تێگەیین و دەکارهێنانی بیردۆزە فێرکارییەکان

تەرجەمە لە ئینگلیزییەوە: هاوبەش خالید

کوردستان 2023

17

Carol Dweck

شێوەبیر و ئەنگیزە

پێڕست

پێشەکی -- 4
کەسایەتی کارۆل دوێک --- 5
چەمکەکانی دوێک-- 7
بەستەری دوێک بە بیردۆزی دیکەوە --11
ڕەخنانی دوێک ---12
پێڕەوکردنی دوێک لەنێو پۆلدا ---14
پوختە --18
بۆ خوێندنەوەی زیادتر ---19
سەرچاوە--20

دەرەنجامەکانی فێربوون

بە خوێندنەوەی ئەم پاژە دکاری:

- بۆچوونەکانی دوێک لەمەڕ شێوەبیر[1] و هەڤبەندییان بە ئەنگیزەی[2] فێربوونەوە بەرز بنرخێنیت.
- دیاریکردن و تێگەیین لە جوایەزی نێوان «شێوەبیری داوەستاو»[3] و «شێوەبیری گەشەسەند»[4] و، هەروەها هەڤبەندییان[5] لەگەڵ «بیردۆزەی نەگۆڕ»[6] و «بیردۆزەی پەرەستێن».[7]
- پیادەکردنی بنەماکانی بنیاتنانی شێوەبیری گەشەسەند دەگەڵ فێرخوازان، کە چێکردنی فەرهەنگی پەسەندکردنی بەرۆکگیری و دەکارهێنانی ستایشی[8] شیاو لەخۆ دەگرێت
- ڕوانینی ڕەخنەکارانەی چەمکەکانی دوێک Dweck

---

1 شێوەبیر = mindset

2 ئەنگیزە = Motivation

3 شێوەبیری داوەستاو = Fixed mindset ئەوانەی بیرێکی داوەستاویان هەیە، خۆیان لە ئەرکی سەخت بەدوور دەگرن، وەختێک بەر بەرۆکگیری و بەربەستان دەکەون گەرەکیانە کۆڵبدەن و لۆمەی ئەوانی دی بکەن. پێیان وەهایە کۆشش و کاری ڕژد شتی بێکەڵکن و دەیانەوێت فێرکاران هیچ قسەیەکی نایەتیان پێ نەڵێن.

4 شێوەبیری گەشەسەند = Growth mindset ئەوانەی بیریان گەشە خۆشهاتن لە بەرۆکگیری دەکەن، چێژ لە پێڤاژۆی فێربوون وەردەگرن، ئایەتیانە و فراژکارانە بەرتەکی هەڵەکانیان دەدەنەوە و، لە قسەی نایەتی فێرکارەکانیانەوە فێر دەبن.

[5]هەڤبەندی = Relation، پەیوەندی = Contact

6 بیردۆزەی نەگۆڕ = Entity theory کەسانێک هەن پێیان وەهایە زیرەکییان نەگۆڕە و زیاد ناکات، ئەم جۆرە کەسانە بیرێکی داوەستاویان هەیە.

7 بیردۆزەی پەرەستێن = Incremental theory کەسانێک هەن پێیان وەهایە زیرەکییان بەرگۆڕانە و دەشێ بە کاری ڕژد و بە نەرمەکاری فراژی بێت. ئەم کەسانە بیرێکی گەشەسەندیان هەیە.

8 ستایش = Praise

پێشەکی

کارۆڵ دوێک Carol Dweck بەگشتی وەک تۆژەرێکی بەناوبانگ لەو پانتاییانەی کۆڵینەوەی دەروونناسیی جڤاک، دەروونناسیی فراژکار و، کەسیەتیی دەگریتەوە ناسراوە. کارەکەی دەروونناسانەی نەریتی لەخۆ دەگرێت کە جەختی لە هێزی خۆباوەڕی[9] خەڵکە. بە دیدی Dweck ئاگایی و نائاگایی مرۆڤ لەو «خۆباوەڕی»یە تاوی قووڵی هەیە بەسەر ئەوەی خەڵکی ئارەزۆیان لە چییە و داخۆ لەم ئارەزۆیانەش چەند سەرکەوتوو دەبن. هەروەها کارەکەی ئەوەش دەخاتە ڕوو گۆڕینی باوەڕەکانی خەڵکی، تەنانەت باوەڕە هەرە ساکارەکانیش، دەکرێ ببێتە ئاکامێکی قووڵ و مانادار بۆ فراژووتنی کەسەکییان (Dweck, 2012). تۆژینەوە و نووسینەکانی دوێک بەزۆری سێرەیان لە ڕۆڵی ئەنگیزە، خۆباوەڕ و خۆبیردۆزەی[10] فێربوونی خەڵکییە. بەڕەهایی، مکوڕی ئەوەیە دەکرێ فێرخوازان بەسەر دوو گرووپی جوێدا پۆلێنبەند بکرێن. یەکەم، ئەوانەی سەربە «بیردۆزەی نەگۆڕ»ن کە پێیان وەهایە زیرەکییان مەندە،[11] بەرتاوی ڕژدی و کۆشش نییە، ئەمانە ئەو فێرخوازانەن کە «**شێوەبیری داوەستاو»یان** هەیە. دووهەم، ئەوانەی بە «بیردۆزەی پەرەستێن» ناوزەدیان دەکا، ئەوانەی پێیان وەهایە دەشێ زیرەکییان بە کۆشش و سووربوون perseverance بێتە فراژووتن؛ ئەمانە ئەو فێرخوازانەن کە **«شێوەبیری گەشەسەند»**یان هەیە. دەبێ لەو قۆناخە بەراییەدا تێبینی ئەوە بکرێت دوێک هەستی کرد:

> *«وەها پێ ناچێت فێرخوازان لە هەموو دۆخێکی ژیانیاندا شێوەبیرێکی داوەستاویان هەبێت؛ ڕەنگە پێیان وەها بێت دەتوانن لە کایەیەکی فێربووندا گەشە بکەن لێ لە یەکێکی دی نا»* (Robins, 2012: 54).

دوێک درێژەش بەوە دەدا ئەو شێوازەی فێرخوازان درکی زیرەکی دەکەن، جا وەک ئادگاری مەند (شێوەبیری داوەستاو)، یانژی وەکی ئادگاری نەرمەکار و فراژکار (شێوەبیری گەشەسەند)، دەشێ تاوێکی قووڵی بەسەر ئەنگیزە و کاراییان هەبێت (Dweck, 2009a). ئەوانەی خاوەنی شێوەبیری داوەستاون لەڕادەبەدەر دڕدۆنگن لەمەڕ ئەوەی دەبێ چۆن درکی زرنگییان[12] کرابێت. بەم شێوەیە گەرەکیانە خۆیان لە بەرۆکگیری بەدوور بگرن و شکەست دێنن باڵکێشی کۆشش بپەژرێنن، وەختێک تووشی سەختی دەبن لە گەیشتن بە توانستی شیمانەداریان شکەست دێنن. بە پێچەوانە، ئەو فێرخوازانەی خاوەن شێوەبیری گەشەسەندن پتر دڵبەستەی پێڤاژۆی فێربوونی خۆیین لەبری ئەوەی هەوڵ بدەن زرنگ ڕابنوێنن. فێرخوازانی خاوەن شێوەبیری گەشەسەند سەوداسەری بەرۆکگیرین، گرینگیی کۆشش دەڕاستێنن و گەرەکیانە نایاب بن وەختێک ڕووبەڕووی ئاڵۆززی دەبنەوە (Dweck, 2009a). دوێک لە گوتارێکدا بۆ پەیدۆزی لەوەی کام فێرخواز لە ئایەندەدا سەرکەوتوو دەبێت، ئەوە دەخاتە ڕوو، «سەدەی بیستویەکەم بۆ فێرخوازە نەرمەکار و بەتاسەکانە» و، ئامۆژگاری مامۆستایانیش دەکا لەنێو فێرخوازان پەرە بەو شێوەبیرە گەشەسەندە بدەن تا ئەمانیش یەکێک لەو فێرخوازانە بن (Dweck, 2009b: 9).

وێڕای هەموو ئەمانە، سێرەیەکی گرینگی دڵبەستە و تۆژینەوەی ئایەندەی دوێک لەسەر چەمکی «خۆبیردۆزە» یانژی «شێوەبیر»ە. ئەم خۆبیردۆزانە بریتین لەو باوەڕانەی فێرخوازان لەمەڕ جۆرایەتی کەسیەتیی خۆیان چێی دەکەن، بە لەئامێز گرتنی ئەوەی لەمەڕ زیرەکیی خۆیان هەست بە چ دەکەن. تاوی ئەم خۆباوەڕانە بەسەر فێرکارییەوە وەک تشتێکی گشتە گرینگە چونکێ دەشێ ئەمە تینوتاوی هەبێ بەسەر ئەوەی ئێمە چۆن ئەنگیزە دەدەین، وانە دەڵێینەوە و بڕیار لە فێرخوازان دەدەین و هەروەها چۆن ماوەکانی گوێستنەوە دەگەڵ فێرخوازان بەڕێوە دەبەین. بەگوێرەی دوێک، بە

---

9 self-belief = خۆباوەڕی، لە-خۆ-تێگەیشتن، خۆ-ناسین... هتد

10 Self-theory = خۆبیردۆزە

11 Static = مەند

12 Cleaver = زرنگی

برەو دان بە شێوەبیری گەشەسەندانە فێرکاران دکارن کۆمەکی فێرخوازان بکەن تا بەسەر بەرۆکگیرییەکاندا زاڵ بن، ترسی شکەست برەوێننەوە و چێژی زیادتر لە کۆشش وەربگرن وەک لە دەستکەوت؛ ئەمەش بۆ خۆی لە هەموو پلەکانی فراژووتنی فێرکارییاندا، بۆ منداڵ سوودبەخش دەبێت.

وێڕای ئەمەش، دوێک مکوڕی ئەوەیە، وێدەچێ تا ئاستێک گەشبیرانە، ئەو کەسانەی شێوەبیری گەشەسەندیان هەیە،

«لە کایەیەکی تایبەتی ژیانیان لە کار، فێرگە، وەرزش، بازرگانی، خۆشەویستی، هەڤاڵەتی یا هەڤبەندە خێزانیەکان شادتر، ساخلەمتر، پتر بەخۆ ڕازی بن» (Dweck, 2006: 20).

پێش ئەوەی ئەم پاژە وردەکاری بیردۆزەکانی ئەنگیزە و شێوەبیر و تەقەلای کارەکەی هەڵبداتەوە، ناچارین پەیدۆزیی پاشخان و نووسینە ئەکادێمییەکانی بکەین بۆ بەرزنرخاندنی بەستێنی دۆزەوەی تۆژینەوە و بیردۆزەکانی.

کەسایەتی کارۆل دوێک

کارۆل دوێک Carol Dweck پرۆفیسۆرێکی ئەمریکیی دەروونناسییە کە شەیدای «کارایی[13] نایاب بوو، بەتایبەتی لە ئاست دژواری و خەمی لەدەستچوونی دەرفەتی شیمانەدار» (Dweck, 2000: ix). دوێک بۆ ماوەی زیادتر لە چل ساڵ تۆژینەوەی خۆی تەرخان کرد بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لەمەڕ ئەنگیزە و کارایی. تۆژینەوەی دوێک بریتی بوو لە کۆشانێکی گەلدەست و کارکردن شانبەشانی فێرخوازانی خوێندنی باڵا و هاوکارانی پۆستدوکتۆرا. دوێک هەر لە قۆناخێکی بەرایی تۆژینەوەدا «ئەڵهای[14] تێگەین بوو لەوەی خەڵکی چۆن دەگەڵ شکەست هەڵ دەکەن و، ... بڕیاری دا بۆ وردبوونەوە لەو دیاردەیە، بکەوێتە تۆژینەوە لە چۆنەتیی مامەڵەتکردنی فێرخواز دەگەڵ ئاریشەی سەختدا» (Dweck, 2012: 3). بۆ دوێک، تێگەیین لە چۆنەتیی هەڵ کردنی مرۆڤ دەگەڵ شکەستدا، لە جڤاکێکدا کاس بووە بە بۆچوونی زیرەکیی زگماک و بەهرەداریی بێکۆشش، سەنگی تایبەتی هەبوو (Dweck, 2000). تۆژینەوەی دوێک و هاوکارانی هەزاران بەشداربووی گرتەوە کە زۆربەیان سەربە کەشەی[15] فێرکاری بوون، هەر لە ساڵەکانی بەراییەوە هەتا خوێندنی کۆلێژ؛ هەروەها تۆژینەوەکە کایەکانی وەرزش و بازرگانیشی دەگرتەوە. بەشداربووان سەربە گرووپی ڕەچەلەکی جیاواز بوون و پانتایی هەرتک شارنشین و لادێنشینەکانی USA ی گرتۆتەوە (Dweck, 2000).

دوێک ساڵی 1967 بە بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە دەروونناسی لە زانستگەی کۆڵۆمبیا Columbia University دەرچووە و، هەروەها ساڵی 1972 پیئێچدیشی PhD لە دەروونناسی لە زانستگەی یەیڵ Yale University بەدەستهێناوە. ئێستە پرۆفیسۆری ڤیرجینا Virginia و ئیتۆن Eatonـە لە زانستگەی ستانفۆد Stanford University. بەر لەمە پرۆفیسۆری دەروونناسیی ویلیام بی. ڕانسفۆد William B. Ransford بووە لە زانستگەی کۆڵۆمبیا Columbia University. یەک لە ڕێزلێنانە زۆرەکانی دوێک ئەندامەتییە لە «ئەکادێمی ئەمریکا بۆ زانست و هونەر» America Academy of Arts and Sciences، کە لە 2002ەوە ئەم پێگەیەی هەیە. خۆی بەزۆری وەک تۆژەرێکی «دەروونناسیی جڤاکی»[16] نیشان دەدات (Pound, 2009; Dweck, 2012; Dweck, 2017). تۆژینەوەکەی داهێنەرانەیە و کۆڵینەوەی ئەنگیزەی گۆڕیوە، بەتایبەتی لە بواری کاریگەریی خۆباوەڕ و ئارمانج لەسەر فێربوون و کارایی (Dweck, 2009a). دۆزەوەی تۆژینەوەکانی دوێک لە نووسینە بەرفرەوانەکانی خۆیدا، لە شێوەی گوتاری گۆڤار و کتێبدا، تۆمارکراون، کە هەموو ئەمانەش لە شەوقوتاسەی

---

[13] کارایی = achievement

[14] ئەڵها = ئارەزوو؛ شەیدای.

[15] دەروونناسیی جڤاکی = social psychology

[16] کەشە فێرکارییەکان = Educational settings ژینگە فێرکارییەکان

درێژمەودای تێگەیتی لە باسەکانی دەروونناسیی جڤاکی و ئەو بابەتە تایبەتانەی لەژێر چەتری مژاری[17] ئەنگیزەدا دێن، ڕەنگ دەداتەوە. بەرهەمەکانی دوێک، بەتایبەت کتێبەکانی، هەندێ ئامۆژگاری بەکەڵک پێشکەش دەکەن لەمەڕ چۆنیەتیی پیادەکردنی بیردۆزەکانی وی لە پۆلدا.

دوێک لە بەشێکی زۆر لە نووسینە بەراییە پایەدارەکانی خۆیدا کە لە گۆڤارگەلی هەڤاڵبژێری[18] سەرەتای 1970کان بڵاوکراونەوە، سێرەی لە چەمکی **«کۆڵەواریی تێچێن»**ـە،[19] بۆ نموونە «کۆڵەواریی تێچێن و ڕاهێزانی[20] بەرپرسایەتی دەنێو فێرخوازاندا» Learned helplessness and reinforcement responsibility in children (1973) دەگەڵ N. Dickon Reppucci و هەروەها «ڕۆڵی چاوەنۆڕی و پشتیوانی بۆ کەمکردنەوەی کۆڵەواریی تێچێن» Role of expectations and attributions in alleviation of learned helplessness (1975).

دوێک دوو بەرهەمی هەن خاوەن گرینگیی تایبەت هەم بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکەکانی خۆی و هەم بۆ پێشکەشکردنی بیرۆکەی پیادەکردنی ئەو چەمکانە. یەکێک لەمانە: *«خۆبیردۆزە: ڕۆڵیان لە ئەنگیزەدا، کەسیەتی و فراژووتندا» Self-theories: Their role in motivation, personality and development (2000)*. کتێبەکە بەتایبەتی بۆ ئەوانە بەسوودە کە کار لەتەک زارۆکی ساوادا دەکەن. کتێبەکە ڕوون نووسراوە و فرە نموونەی پیادەکاری پێشکەش دەکات، کە شائامۆژگارییەکەی بریتییە لەوەی پیشەوەران دکارن یارمەتی فراژووتنی فێربوونی منداڵان بدەن لە ڕێی بارهێنانیان لەسەر خۆڕاگری و دید ئایەتی (Pound, 2009). ئەم کتێبەیان لەلایەن World Education Fellowship بە «کتێبی ساڵ» Book of the year ناودێر کرا (Dweck, 2012).

دووهەمین کتێبیش بریتییە لە: *«شێوەبیر: دەروونناسیی نووی سەرکەوتن» Mindset: The new psychology of success* (2006) و ئەم تێکستەش ملەی[21] شێوازە باوەکە دەکا کە تێیدا ستایش دەگەڵ فێرخوازان بەکار دێت. هەروەها درێژەش بەوە دەدا کە ستایشکردنی زیرەکی و توانست دەکرێ زیان بە خۆڕێزی[22] و کارایی بگەیەنێت؛ پتر لەمەش، هەروەها دەشکرێ سەرکەوتن بخاتە مەترسییەوە. دوێک ئەو بیرۆکەیەش ڕەپێش دەخا کە زانینی چۆنیەتیی کارکردنی مێشک دەشێ برەو بە خۆشەویستی فێربوون بدا و نەرمەکاری زیاد بکات (Pound, 2009). هەروەها نووسینەکانی لە مێدیای بەرفرەوانی وەکی *Time Magazine*، *The Washington Post, The New York Times* و *The Boston* بڵاوکراونەتەوە (Dweck, 2012). هەموو ئەم نووسینانەش بەرهەمی دەرەنجامی ئەو تۆژینەوانە بوون کە تێیاندا چەمکەکانی خۆی ڕوون دەکاتەوە.

---

[17] مژار = Theme

[18] هەڤاڵبژێر = peer-review، بژارکردن و مشتومالدانی بەرهەمی زانستی لەلایەن پسپۆڕانی بابەتەکەوە بەر لە بڵاوکردنەوە.

19 کۆڵەواریی تێچێن = Learned helplessness، لە دەروونناسیدا چەمکە بۆ بارێکی مرۆڤ تێیدا فرەپات تووشی شکەست دەبێت و دەگاتە بڕواهێنان بەوەی دەروەستی ئەم دۆخە نایەت، ورە بەر دەدات، تەنانەت گەر دەرفەتی گۆڕانکاریش هاتە کایەوە ئەم هیچ هەوڵێک نادات. هەستی کۆڵەواری لە ناخیدا تێچێن دەبێت.

[20] ڕاهێزان = Reinforcement

[21] ملە = Challenge، بەرملە = Challengeable، ملەبەدەر = Unchallenged

[22] خۆڕێزی = Self-esteem

چەمکەکانی دوێک

پەرۆشیی دوێک بۆ پەیبردنێکی باشتر لە ئەنگیزەی مانادار و هەڤبەندیی ئەمەوە بە کارایی فێرخواز، بۆتە سەرچاوەی فراژووتنی چەمکەکانی وی. وەک باسمان کرد، تۆژینەوە بەراییەکانی دوێک دەربارەی «کۆڵەواریی تێچێن» بوون و لای زۆربەی فێرکارانی بوونە مایەی سەرنج لەبەر ئەو ڕوانگە جێندەربینەی لە کارەکەیدا دیاری کردووە. وەها پێ دەچێت دۆزەوەکانی کارە بەراییەکانی دوێک لەمەڕ کۆڵەواریی تێچێن بووبێتە ڕۆشنایی بۆ تۆژینەوەی داهاتووی خۆی. بەم جۆرە، لێرەدا بەکورتی پەیدۆزی دەکەین لە «کۆڵەواریی تێچێن» وەک شێوازێک بۆ تێگەیشتن لە رەوتی فراژووتنی چەمکەکانی دوێک. دوێک ئەوەی دۆزیوەتەوە کە کچان پتر لە کوڕان کۆڵەواریی تێچێن نمایان دەکەن. بەڵام سەرنجڕاکێش ئەویە کە مامۆستایان هۆکاری شکەستی کوڕان دەدەنەوە بە ڕەفتاری بێمەیلی یا بەدرەفتاری، لێ کە دەگاتە لای کچان هۆکارەکە دەبێتە پێواربوونی[23] توانست. سەرباری ئەمەش، سەرکەوتنی کچان تەنها بە بەرهەمی کاری ڕژد دادەنرا (Pound, 2009). دوێک ئەوەی دۆزیەوە کە منداڵانی خاوەن کۆڵەواریی تێچێن (کە ئەو پێی وەها بوو نیوەی منداڵان بن) پێیان وایە وەختێک شکەست دێنن تەواو بەرەواژبەدەرە[24]. جگە لەوەش، وەختێک منداڵانی خاوەن کۆڵەواریی تێچێن تووشی شکەست دێن بەزۆری هۆکاری شکەستەکە دەدەنە پاڵ ئەوەی خۆیان زیرەک نین و زۆرتر دەبنە ڕەشبیر و بێورە[25] (Dweck, 2000; Pound, 2009). ئەم کارە بەراییەی دوێک، بووە بزوێنی تۆژینەوەی داهاتووی خۆی دەربارەی ئەنگیزە و کارایی و هەروەها ژمارەیەک لە مژاری پێکبەندی هاوئامێز کرد، وەک خۆدەرک،[26] خۆڕێزی، زیرەکی، «خۆبەهای مەرجدار»،[27] خۆبیردۆزە، «فێربوونی کارامەبین»،[28] ستایش و ئاماژە دان بە بەهرەداریی منداڵ. شاچەمکەکانی «بیردۆزەی نەگۆڕ» و «بیردۆزەی پەرەستێن» و، هەریەک لە «شێوەبیری داوەستاو» و «شێوەبیری گەشەسەند» لە تەواوی ئەم پاژەدا تێهەڵکێشن.

دوێک ئەوەی دۆزیەوە کە بەستەرێکی پتەو لەنێوان خۆدەرک و خۆڕێزی و بەدەستهێنانەکانی فێرخوازاندا هەیە و ئەمەش بەرتاوی درکیانە بۆ توانست و زیرەکیی خۆیان؛ جا توانستەکانیان فاکتەری جێگیر بوون یانژی دەشێ بەهۆی کۆشش و دەکارهێنانی ستراتیژییەکانی فێربوونەوە بگۆڕێن. دوێک مکوڕی ئەوە بوو کە ئەو فێرخوازانەی زیرەکی وەک فاکتەرێکی جێگیر دەبینن هەڵگری بیردۆزەی نەگۆڕی زیرەکین کە بە ئەنجامەکانی ئاروینی ئاستی زیرەکی IQ و «هەڵسەنگاندنی گردەکار»[29] سەلمێندراون؛ ئەو فێرخوازانە هەست دەکەن بەرهەمیان سنووردارە و چ لەمەڕ بەرەوپێشبردنیان نەدەکرا. لە لایەکی دی، ئەو فێرخوازانەی پێیان وەهایە توانستیان نەرمەکارە و بەرهەمی پێڤاژۆی یەکبینی فراژووتنە، ئەمانەی هەڵگری بیردۆزەی پەرەستێنی زیرەکین؛ ئەم فێرخوازانە بەزۆری خۆشهاتن لە بەرۆکگیری دەکەن، ڕژدانە کار دەکەن و چ ترسیان لە شکەست نییە.

---

[23] پێوار = پەنام؛ پەنهان؛ نادیار Absence

[24] بەرەواژبەدەر = Irreversible ئاوەژووبوونەوەی بۆ نییە

[25] ورە = Tenacity

[26] خۆدەرک = Self-concept

[27] خۆبەهای مەرجدار = contingent worth, contingent self-worth، بارێکە مرۆڤ تێیدا بەهای خۆی لە دیدی کەسانی دیکەدا دەبینێت – جا دیدیان ئاپاو بێت یان ناپاو. بەهای خۆی دەبەستێتەوە بە مەرجی دەرەکی، بە هەڵسەنگاندنی دەوروبەر نەک دەرکی ناخەکی خۆی بۆ کەسایەتی خۆی. هەبوونی شێوەبیری داوەستاو دەشێت هۆکارێک بێت بۆ ئەم هەستە.

[28] فێربوونی کارامەبین = mastery-orientated learning، شێوازێکی فێربوون کە کارامەیی بە ئارمانج بگرێت، فێربوونێک ئاڕاستەی کارامەیی بگرێتە بەر.

[29] هەڵسەنگاندنی گردەکار = Summative assesment

ئەو فێرخوازانەی هەڵگری بیردۆزەی نەگۆڕن شکەست لە فێربوونیاندا وەک شکەستێکی کەسی دەبینن کە گەڕانەوەبەدەرە[30]، ئەمەش کار لە خۆدەرکییان دەکات. بەم شێوەیەش توای[31] خۆبواردنیانە لە ملان و وەک مەترسییەک لەسەر خۆڕێزیان دەیانبینن. بۆ پاراستنی خۆڕێزیان داوای ئەرکی ساکار، بێمەترسی دەکەن کە ڕێیان دەدات سەرکەوتوو بن. هەرچۆنێک بێت، ئەو فێرخوازانەی هەڵگری بۆچوونی پەرەستێنی توانستن لە ڕوانگەی کەسەکییەوە لەمەڕ شکەست یەک تۆز چییە دڕدۆنگ نین. خۆڕێزی و خۆدەرکییان ناکەوێتە بەرتاوی بەرملەدانی ڕژدانەیان دەگەڵ ئەرکی سەختدا، دەرەنجام هەرچییەک بێت ئەمان ئەرک و هەڵسەنگاندن وەکی پێڤاژۆی فراژووتن دەبینن (Dweck, 2000; Race, 2007).

دۆزەوەی تۆژینەوەی دوێک لە منداڵی ساوا پێشانی داوە کە ئەو منداڵانەی بڕوایان بە بیردۆزەی نەگۆڕ، یانژی شێوەبیری داوەستاوی زیرەکی هەیە، نێزیکن لەوەی ئەم بە «خۆبەهای مەرجدار» ناودێری کردووە. لە لای دوێک خۆبەهای مەرجدار بریتییە لەو «بیرۆکەیەی دەڵێت تۆ گەر سەرکەوتوو بیت ئەوا بەهاداریت، گەر سەرکەوتوو نەبیت بەهادار نیت» (Dweck, 2009a: 312). دوێک دەڵێت گەرچی ئەوە بەردەرکە کە منداڵ نائومێد دەبن وەختێک ئەوە بەدەست ناهێنن کە پێیان وەها بووە بەدەستی دەهێنن، بەڵام هەندێک منداڵی سەربە شێوەبیری داوەستاو، خۆڕێزی و هەستی ئەوەی کەسێکی دروست بن لەدەست دەدەن. وەختێک ئەمە ڕوو دەدات منداڵ توانای کاری ماناداری نامێنێت و، بەم چەشنە «ئەو منداڵانە وەختێک شکەست دێنن یان دەکەونە بەر ڕەخنە، دەگەنە ئەو بڕوایەی کە خۆیان کەسی خراپن و بۆ چارەی کێشە فرە دەستەوەستان دەبن» (2009a: 312). ئەم دۆزەوانە، بەتایبەت دەگەڵ فێرخوازی وەها ساوادا، ئەو تاوە درێژمەودایەی لەسەر خۆڕێزیان مایەی نیگەرانییە. دوێک گۆشەنیگایەکی پتر گەشبیر و پێشڕەوت پەیوەست بە خۆڕێزی پێشکەش دەکات. ئەو جەخت دەکات لەوەی بۆچوونی خۆڕێزی وابەستەی ئەوەیە فێرخوازان ئەزموونی چ دەکەن چونکێ ئەوان تەواو خجڵی[32] خەبتینی زاڵبوونن بەسەر تشتێکی نوودا. وێڕای ئەوەش، دوێک هۆشیاریش دەدات لەوەی ئەمە شتێک نییە وەکی دیاری بکارین بە فێرخوازانی بدەین، لێ تشتێکی وەهایە ئێمە وەک فێرکاران دکارین بەرشیانی بکەین و، وەختێک ئەنجامی دەدەین «دکارین دڵنیای ئەوە بدەین کە بەرۆکگیری و کۆشش لەو شتانەن کە خۆڕێزی پتەو دەکەن نەک بنە مایەی هەڕەشەی «ئەز/ئیگۆ» Ego» (Dweck, 2000: 119). ئەوەی دایباب و مامۆستایان دەتوانن بیکەن بریتیە لە ئەنگیزەدانی منداڵ بۆ فراژاندنی شێوەبیری پەرەستێن و گەشەسەندی فێربوونی خۆیان.

بۆ دوێک «ئەنگیزە بزوێنی زیرەکییە»، چونکە یارمەتیی فێرخوازان دەدات لە ماوەیەکی دیاریکراودا سوود لە ئەوپەڕی توانستی بیرمەندیی[33] خۆیان بگرن تا بگەن بە دوندی توانای شیمانەداریان (Dweck, 2009a: 311). پتر لەمەش دوێک پێداگری دەکات دژی ئەو بیرۆکە باوەی دەڵێت زیرەکی بریتییە لە هەموو ئەوەی بۆ سەرکەوتن پێویستە و ئاماژەش دەدا بە مینای منداڵی «زرنگ» منداڵ کە زۆر کورتی دەهێنن گەر بەراورد بکرین بە کەسانی دیکەی پێنەدەچوو لە تەمەنی منداڵیدا هێند «گەش» بووبن بەڵام، لەبەر ئەوەی سەوداسەری بابەتەکەیان بوون، سوودی گەورەیان بە کایەی تایبەتی خوێندەکەی خۆیان بەخشیوە. لەوەیش بترازێت، دوێک گرینگیی دۆزینەوە و ستایشی توانست و بەهرەی منداڵانی بچووک دەخاتە ژێر پرسیارەوە:

> جار هەیە دەپرسم ئاخۆ ئەوەی منداڵ دەینوێنێت بەهرە یان توانست نەبێت - بەڵکە سەوداسەری بێت بە شتێک. بۆ میناک، منداڵی هەڵکەوتوو تەنێ چەند نیشانەیەکی کەمی زانیار و کارامەیی نین، بەڵکە پەرچێنراوی

---

[30] گەڕانەوەبەدەرە = Irretrievable

[31] توای = گەرەکی؛ ویستی.

[32] خجڵ = سەرگەرمی؛ خەریکی.

[33] بیرمەندی = Intellectual

ژمارە، وشە، یا مۆسیقان. ئەریَ ئەمە جێی سەرنج نییە سەوداسەری یەکەمین بێت و توانست دووهەم؟ (2009a: 311).

دوێک جەخت دەکات لەوەی ئەرکی فێرکار و دایباب بۆ ئەنگیزەدانی فێرخواز بریتی نییە لە هەڵکشاندنی خۆباوەڕیی[34] بیرمەندیی منداڵەکە، بەڵکە چێکردنی فەرهەنگێکی فێربوون و پێگەیەکی خۆباوەڕییە کە زاڵ بێت بەسەر لەمپەر و شاد بێت بە کۆشش و خۆڕاگری. دوێک دەڵێت باشترین شێواز بۆ ئەو کارە بریتییە لە هەم هاندانی فێرخواز سەرنجگیری شائارمانجی فێربوون بن و هەم ئاشنا بکرێن بە بەهای کاری ڕژد و پێشنیازی ستراتیژی وەهایان پێشکەش بکرێت کە فێرخواز بتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ زاڵبوون بەسەر بەربەستدا (Dweck, 2009a).

بەگوێرەی دوێک چەمکی فراژاندنی شێوەبیری گەشەسەند و پەرەستێن لای فێرخواز، لە ڕێی نەرینی[35] «فێربوونی کارامەبین»، دەبێتە بزوێنی ئەنگیزەدانی وەها. دوێک ئەم نەرینی «فێربوونی کارامەبین»ـە دەگەڵ «کۆڵەواریی تێچێن» (شێوەبیری نەگۆڕ و داوەستاو) وەها دژبەر دادەنێت کە فێرکاران دوو ئارمانجی جویَ و هاوڕەنگی ئەمانە بۆ فێرخوازەکانیان دادەنێن. دوێک یەکەم، ئاماژەی دا بە «ئارمانجی بەرهەمکاری»[36] کە هەڤبەندە بەوەی فیدباکی ئایەتی بدرێتە فێرخواز دەربارەی توانستیان و خۆلادان لە داوەریی نایەتی؛ پێودانگێکی توانستیانە لە بەرهەمکارییان. ژبەر هێندیَ ئەو فێرخوازانەی وێڵی ئارمانجی بەرهەمکارییین لەمەڕ ئاستی زیرەکییان دڕدۆنگن، دەکۆشن بۆ ئەوەی وەک زرنگێک درک بکرێن نەک وەک گەوجێک و، هەربۆیە هەوڵ دەدەن هەڵە نەکەن و مامەڵەت دەگەڵ ئەو ئەرکانەدا دەکەن کە پێیان وەهایە دەروەستیان دێن. دووهەم ئارمانج «ئارمانجی فێربوون»ـە[37] کە بەپێچەوانەی «ئارمانجی بەرهەمکاری» هەڤبەندە بە زاڵبوون بەسەر ئەرکی نوێدا و فێربوونی کارزانیی نویَ. سێرەی ئێرە لەسەر دۆزینەوەی ئەو ستراتیژیانەیە کە دەبنە مایەی فراژووتنی پێڤاژۆی فێربوون. لە ئارمانجی فێربووندا هێندە گرینگ نییە گەر کار لە گوێرەی چاوەنۆڕییەکە نەبێت بۆ پێکانی مەبەست، فێرخواز لۆمەی زیرەکیی خۆیان ناکەن بەڵکە تەنیَ دەیسەلمێنن کە جاریَ ستراتیژە ڕاستەکەیان نەدۆزیوەتەوە هەربۆیە لە گەڕان بەدوایدا بەردەوامن (Dweck, 2000).

دوێک بیرۆکەی دەکارهێنانی بەشێک لە جۆرەکانی ستایش دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە مەبەست لێیان پەرەدانە بە خۆباوەڕیی فێرخواز و ئەنگیزەدانە بۆ سەرکەوتن. ڕەنگە گونجاو بنوێنێت کە ستایش بۆ فێرخواز بەسوودە گەر یارمەتیان بدا باوەڕ بە تواناکانیان بکەن. هەرچۆنێک بێت، دوێک مکوڕی ئەوەیە ستایشکردنی زیرەکیی منداڵان دەشیَ سەر بکێشێت بۆ ترس لە شکەست، بەپەرێزبوون لە بەرۆکگیری، دوودڵی لە توانای خۆ و بەدەهەڵویستی بەرانبەر بەربەست. ئەم فێرخوازانە بەم جۆرە لە بیردۆزەی نەگۆڕ و شێوەبیری داوەستاودا گیر دەخۆن و کورتی دەهێنن لە باوەشکردن بە فێربوونی کارامەبیندا. دوێک بەم شێوەیە ڕوونی دەکاتەوە:

> منداڵ ستایشی پێخۆشە. بەتایبەتیش پێی خۆشە لەبەر زیرەکی و بلیمەتی ستایش بکرێت. ئەمەش بەڕاستی ورە و هەستێکی تایبەتی دەداتێ، لێ تەنیَ بۆ ساتێک. ئەو خولەکەی بەر لەمپەرێک دەکەوێت، خۆباوەڕیی دەرمیَ و ئەنگیزەی دەگاتە نزمترین خاڵ. گەر سەرکەوتن مانای زرنگی بێت ئەوا شکەستیش واتای گەمژەلی دەدات. ئەمەش شێوەبیری داوەستاوە (Dweck, 2012: 175).

[34] خۆباوەڕی = Self-confidence، خۆمتمانە

[35] نەرین = approach، دید، بۆچوون، لێنێزیکبوونەوە

[36] ئارمانجی بەرهەمکاری = Performance goal

[37] ئارمانجی فێربوون = Learning goal

دوێک پێشنیازی ئەوە ناکا فێرکار و دایباب تەواو واز لە ستایشکردنی منداڵ بهێنن، بەڵکە ئەوەی لە ستایشدا دەبێ وازی لێ بهێنن داوەریی زیرەکی و پێشنیازی شانازبوونە بە زیرەکی و توانستەوە. دوێک داکۆکی لە ستایشی سەربە شێوەبیری گەشەسەند دەکات. ئەمیان ستایشی خۆراگری، کۆشش، خوێندن، کاری ڕژد و دەکارهێنانی ستراتیژییەکانی فێربوون دەکات (Dweck, 2012). دوێک داکۆکی دەکات لەوەی منداڵ فێر بکەین مێشک چۆن کار دەکات و چۆن وای لێ بکەین باشتر کار بکات بۆ یاریدەی کردەی خوێندن و داڕشتنی ستراتیژیی فێربوونی خۆیان. دوێک و هاوخەباتەکانی، بەمەبەستی یارمەتیدانی تێگەیشتنی فێرخواز لە کاری مێشک، بەرنامەیەکی کارلێکی داتاکارییان داڕشت بە ناوی «مێشکناسی» Brainology، کە دوێک پێشنیاز دەکات فێرگەکان وەک پاژێک لە پلانی فێرکاریدا[38] دەکاری بهێنن بۆ پێشخستنی هونەری فێربوون (Dweck, 2007).

کۆتا ڕووکاری کاری زلی دوێک کە شایەنی هاوئامێزاندنە نیگەرانییەکەیەتی لە تێرمی «منداڵانی بەهرەدار»، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی بووەتە دیاردەیەکی باو لە زۆر فێرگەدا. دوێک وەها هەست دەکات کە دەکارهێنانی ئەو پۆلێنبەندییەی «بەهرەدار» شیمانەیەک دەکاتەوە بۆ هاندانی شێوەبیری داوەستاو لای ئەو منداڵانەی بەم جۆرە مۆر دەکرێن. دوێک وەها پاساوی بۆ دێنێتەوە:

> ئێمە لە کرۆکدا پێیان دەڵێین ئێوە «بەهرە»یەکتان پێدراوە، کە توانستێکی جێگیرە و بەمەش ئێوە لە کەسانی دیکە هاوێر دەکرێن پتر تایبەتن. من نیگەرانی ئەوەم هەندێ منداڵ هێند سێرەگیری ئەوە بن کە پێشانی بدەن ئەوان شایانی ئەو مۆرکەن، کە چیدی خەریکی بەرملەدانی خۆیان نەبن، خۆیان لە هەموو دۆخێک بەدوور بگرن کە ڕەنگە کێماسیان نمایان بکات و بێبەهرەییان خویا بکات (Dweck, 2009a: 311).

پتر لەمەش، ڕایەک هەیە دەڵێت پێودانگی بلیمەتی بریتییە لە توانستی بیرکردنەوە و فێربوونی خێرا، گەر فێرخوازێک پێویستی بە کاری ڕژد، کات بێت بۆ بیرکردنەوە و فێربوونی لەسەرەخۆ ئەوا بەهرەدار نییە. بەڵام، لای شێوەبیری گەشەسەند، سەرچاوەی فێربوون و بەدیهێنان دەگەڕێتەوە بۆ ئاستێکی باڵای سووربوون و کۆششی درێژمەودا:

> *«خێرایی و بێگەردی،[39] لەبری ئەوەی هێمای بلیمەتی بن، دوژمنی فێربوونی-باڵان. فێربوونی ڕاستینە لە کارکردنی ڕژدەوە زەنە دەکات»* (Matthews and Folsom, 2009: 22).

دوێک خودی بلیمەتی وەها مەحکووم[40] ناکات، بەڵکە مکوڕی ئەوەیە کە:

> *«ئەم بەرنامانە دەبێت بڵند و ڕوون ڕاپینوێنێن کە توانستی هەوێڵی[41] فێرخواز تەنێ دەراوە و بەرۆکگیری، کۆشش و فێربوون تاکە ڕێگەیە بۆ توانای تەواوی شیمانەدار»* (Dweck, 2009a: 312).

بیرۆکەکانی دوێک بەستەری نێزیکی هەیە لەگەڵ بیریاری دیکەی فێرکارییەوە کە فێربوون، گەشەی کەسی و ئەنگیزەدانیان پەیوەست کردووە و هەروەها ئەوانەی جەخت دەکەن لەوەی زیرەکی نابێتە یەکەی تاک و جێگیر.

---

[38] پلانی فێرکاری = Curriculum

[39] بێگەردی = perfection

[40] مەحکووم = تاوانبارکردن، Condemn

[41] هەوێڵ = حازر؛ موجود Current

بەستەری دوێک بە بیردۆزی دیکەوە

چەمکەکانی دوێک پێوەندییەکی ڕوونیان بە بیرۆکەی بیریارە فێرکارە ناودارەکانی کۆن و ئێستەوە هەیە. «شێوەبیری داوەستاو»ی دوێک بەتایبەت لە نزیکەوە پەیوەستە بیردۆزەی کلاسیکی فرۆید Classical Freudian theory کە مرۆڤ پەرۆشی جێژن و هەوڵ دەدەن خۆ لە ئازار بپارێزن. مرۆڤ میکانیزمی بەرگری پەیدا دەکەن، «کە یارمەتیان دەدات خۆیان لە دڕدۆنگی بپارێزن و هەڵپەکانیان بۆ چالاکی پەسندکراوی جڤاکی ئاراستە بکەن» (Dweck, 2000: 136). هەرچۆنێک بێت بیردۆزی دیکەی وەک ئابراهم ماسلۆ Abraham Maslow پێشنیازی ئەوە دەکات کۆشانی منداڵ بۆ گەشەسەندن و فراژووتنی کەسەکی وەک پاژێکی خۆرسکی مرۆ، دەبێتە هاوتای «شێوەبیری گەشەسەند»ی دوێک. بە هەمان شێوە، کارۆڵ ڕۆجێرز Carol Rogers هەستی کرد خەڵکی خاوەن کارکردی دروست ئامادەی وەرگرتنی گۆڕانکارین و بڕوایان بە بەڵگەکاریی[42] خۆیان هەیە، ناچار نین هانا بەرنە بەر لایەنی دەرەکی بۆ ڕێ پێدان؛ بە لای ڕۆجێرزەوە، «فێربوون و گەشەسەندنی کەسەکی، هاوبەستەی[43] یەکدین» (Robins, 2012: 38). وێڕای ئەوەش، ڕۆجێرز جەخت دەکات لەوەی ئەم گەشە کەسەکییە دەشێ بە ڕەفتاری بێبەزەیی، دڕ یا ڕەتکردنەوەی دایباب بەرزیان بێت. مامەڵەتی وەها ڕەنگە منداڵ بگەیەنێتە هەستکردن بە خەجاڵەت و گوناهـ بەمەش ڕەنگە وایان لێ بکات هەوڵی ڕازیکردنی دڵی دایکوبابیان بدەن لەبری ئەوەی جەختیان لەسەر گەشەی کەسەکیی خۆیان بێت (Dweck, 2000). هەروەها A.S. Neill نیگەرانی خۆی دەربڕی لەمەڕ ئەوەی گوناهـ چۆن تەگەرەی بۆ فراژووتنی منداڵ ساز کردووە، چونکێ هاوشێوەی «بیردۆزەی نەگۆڕ»ی دوێک دەیڵێت، شکەستهێنان لە پێکانی ئەوەی پێیان وەهایە جڤاک کردوویەتیە نۆرم، دەبێتە مایەی سەرکۆنە لەلایەن کەسانی گەورەساڵەوە. پتر لەمەش، Neill مکوڕی ئەوە بوو کە هەستی گوناهباری دەبێتە مایەی سنووردارکردنی توانستی منداڵ بۆ ئافراندن لەبەر ترسی شکەستخواردن (Neill, 1960).

بۆچوونی دوێک لەمەڕ پشتگیریی بیردۆزەی پەرەستێن و شێوەبیری گەشەسەند دەگەڵ ژمارەیەک لە بیریارانی «هەڵبەستایەتیی جڤاکی»[44] یەکانگیرە. یەکێک لەمانەش پیاژێ Piagetیە کە پێی وەهایە منداڵ لە دەمی فێربووندا دەبێت خەریکی پەیجۆری و پەیدۆزی بێت و ناشبێت لەمەڕ هەڵەکردن دڕدۆنگ بێت و ڕۆڵی فێرکار بریتیە لە ساناکردنی پێڤاژۆی فێربوون و هاندانی خوێندنی زێدەتر. پیاژێ پێی وەها بوو منداڵ خۆماکانە[45] بۆ فێربوون ئەنگیزە دراوە و چ پێویستی بە پاداشت[46] نییە. بە لای پیاژێ-وە:

> «*ستایش و پاداشت لە ئەوپەڕی باشیدا تشتێکی بێجێن و لە ئەوپەڕی خراپیشیدا دەستوەردانن لە ڕەوتی فێربوونی خۆبڕیاردەی منداڵدا*» (Robins, 2012: 36).

بە هەمان شێوەش، ڤیگۆتسکی Vygotsky پێی وەها بووە فێربوون دەبێت پێڤاژۆیەکی پێشڕەوت بێت و فێرکردنیش دەبێت زانینی زووتری فێرخواز بکاتە سەرشار و ئەوجا بەرۆکگیری ئەو ئاستە بێت و، هەروەها پێشەمی بداتە چۆنەتیی فێربوون نەک بەرهەمی فێربوون. بۆچوونی دوێک لەمەڕ هاندانی منداڵ بۆ سازاندنی ستراتیژییەکانی فێربوون کە پێڤاژۆی فێربوونیانی بەرملە داوە، تەریب بە چەمکی «پەیژەبەندی»[47] ی برونەرە Bruner کە تێیدا فێرکاران کۆمەکی

---

[42] بەڵگەکاری = Reasoning

[43] هاوبەستە = interdependent

[44] هەڵبەستایەتیی جڤاکی = Social constructivism

[45] خۆماک = Intrinsic، دژبەری دەرماک = extrinsic

[46] پاداشت = Reward

[47] پەیژەبەندی = Scaffolding

منداڵان دەکەن بگەنە ئەوپەڕی توانای شیمانەدارییان، نەک گیر بخۆن لە ئاستی ئێستای توانستیاندا. برونەر Bruner سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەوە سەوداسەریی منداڵ بۆ ئەو بابەتەی دەگوترێتەوە شائەنگێزەی فێربوونە نەک ئەو ئەنگێزە دەرەکییەی ئەنجامی ئاروینە.[48] وێڕای ئەمەش، برونەر Bruner پێشنیازی ئەوە دەکا فێرکاران دەبێت واز لە ئەنگێزەی «دەرماک»ی[49] وەک ستایش و پاداشت بهێنن. ستایش و سزا لەوەیە ببنە مایەی بەربەستکردنی سۆسەواری[50] و بیرکردنەوەی داهێنەرانەی منداڵ، کە لەوانەیە ببێتە کۆسپ لە ڕێی سەرچڵییان چونکێ ڕەنگە هەڵە بکەن (Robins, 2012).

چەمکی «خۆبیردۆزە»ی دوێک هاوشێوەی چەمکی «خۆتوانا»ی[51] ئەلبێرت باندورایە Albert Bandur. باندورا جەخت دەکات لەوەی خەڵکی بە خۆتوانای ئایەتی متمانەیان هەیە بەوەی خۆیان دەتوانن هەر ئەرکێک لێیان داخوازی بکرێ بە خۆباوەڕی و کۆشان بەدی بهێنن (شێوەبیری گەشەسەند). ئەوانەی خۆتوانای نایەتییان هەیە لەمەڕ خۆیان بێمتمانەن و گومانیان لە توانستی خۆیان هەیە بۆ بەدیهێنان، ئەمانە یان خۆیان تەواو لە ئەرک بەدوور دەگرن یان گەر تووشی بەربەست دەبن شکەستی خۆیان دەپەژرێنن (شێوەبیری داوەستاو) (Wentzel and Brophy, 2014). هاوشێوەی دوێک، باندورا داکۆکی دەکات لە پتەوکردنی «ئەنگێزەی خۆماک و نەرمەکاریی پێویست بۆ کەمکردنەوەی تاوی نایەتی دڕدۆنگی ئەکادێمی» (Mitchell, 2008: 78).

هەروەها Guy Claxton داکۆکی دەکات لە نەرمەکاری لە پێڤاژۆی فێربووندا. ئەم دەڵێت ئەو بیرۆکەیە زیانبەخشە کە زیرەکی بە یەکەیەکی نەگۆڕ دەزانێت، چونکە منداڵ دەگەیەنێت بەوەی سەختی «نیشانەی گەمژییە، شەرمەزار بێت و خۆی بخزێنێتە باری «خۆپارێزی»[52] یەوە لە ڕێی خۆشاردنەوە، سەرنجگۆڕی یانیش هەوڵنەدان» (Claxton, 2002: 121). هاوشێوەی دوێک، چەندین بیریاری فێرکاری ئەم سەردەمە، ئەو بۆچوونە دەخەنە ژێر پرسیار کە دەڵێت زیرەکی بە نمرەی IQ و ئەنجامی ئاروین دیاری دەکرێت. دوو لەم بیردۆزانە پێشوازیی باشیان لەلایەن فێرکارانەوە لێ کراوە؛ یەکەمیان، «فرەزیرەکی»[53] ی Howard Gardner و، دووهەمیش «زیرەکیی سۆزیارانە»[54] ی Daniel Goleman. هەرچەندە بیرۆکەکانی دوێک چەندین بەستەریان هەیە بە بیریارە فێرکارەکانی دیکەوە، لێ هەندێ لە بۆچوونەکانی ڕەخنەبەدەر نین.

ڕەخناندی دوێک

خوێندنەوە دەربارەی چەمکەکانی دوێک وەها دەر دەکەوێت سەختە ڕەخنە لە کارەکانی بگیرێت، بەزۆری لەبەر ئەو تۆژینەوە ئەزموونگەرانەی[55] کراون. هەروەها بیرۆکەکانی وەها نمایان دەبن تەواو بێگرێوگۆڵ بن و ئەویش فرە گەشبیرە لەمەڕ پیادەکردنی کردەکیان. وێڕای ئەوەش، ڕێک ئەم ماکە فرەساکار و گەشبیرەیە لە کارەکەیدا کە دەبێتە مایەی زۆرترین ڕەخنە، بەتایبەت لە سیستەمێکی فێرکاریدا کە هەتا دێت پتر داوای نمرە و ئەنجامی ئاروین و ئاستدۆزی

[48] ئاروین = Test

[49] دەرماک = extrinsic، دژبەری خۆماک = Intrinsic

[50] سۆسەواری = Intuitive

[51] خۆتوانا = Self-efficacy، لە دەروونناسییدا، چەمکە بۆ باوەڕی مرۆڤ بەوەی توانایە لە دۆخێکی تایبەتدا ڕێگەیەک بگرێتە بەر بۆ پێکانی ئارمانجێکی دیاریکراو. داهێنەری ئەم چەمکە Albert Bandura دروونناسە.

[52] خۆپارێزی = Self-protecting

[53] فرەزیرەکی = Multiple intelligences

[54] زیرەکیی سۆزیارانە = Emotional intelligence

[55] ئەزموونگەری = Empirical

دەکات. دوێک بەخۆی ژمارەیەک لە ڕەخنەکانی ئەم بوارەی پەژراندووە و کۆشاوە باگۆیان بداتەوە، گەرچی وەێدەچێ لە هەندێک باردا ئاوەربەدەر[56] بن. چەمکی «شکەست»ی دوێک کە پێشەنگە و دەبێتە ڕێنمووی سەرشار بۆ پێڤاژۆیەکی فێربوونی پتر ئافرێنەر، بیرۆکەیەکی بەهادارە و بەتایبەت دەگەڵ بۆچوونی بیردۆزەی پەرەستێن و شێوەبیری گەشەسەندندا. سەرباری ئەوەش، بەداخەوە ئەمە بۆ زۆربەی فێرگەکان داکەوتبەدەر[57] دەر دەکەوێت، ئەوانەی پلانی فێرکاری کاتبەندیان هەیە بۆ کارکردن، «خشتەی پلەبەندی»[58]یان هەیە بۆ کێبەرکێ و کۆتوبەندی دارایی هەیە بۆ تەرخانکردنی کات بۆ پەیجۆری و فێربوونی کونجکۆڵانەی[59] منداڵ (Wilson, 2009).

سووربوونی دوێک لەسەر کاری ڕژد، کۆشش و، کۆڵنەدان دەشێ بۆ هەندێ منداڵ، بەتایبەت بۆ منداڵی زۆر بچووک تەواو زیانبەخش بێت چونکە دەشێت زارۆکەتییان لێ زەوت بکات (Dweck, 200). بەتایبەت گەر کار، یاری بێتاو بکات. وێڕای ئەمەش، زێدە جەختکردن لەمەڕ کۆڵنەدان دەشێ ببێتە هۆی دڕدۆنگی بۆ منداڵان و نەتوانن دەگەڵ پەستانی زادەی ئەم کۆششە هەڵ بکەن، بەتایبەت گەر ئەمە لە دەرەوەی ئاستی توانستی هەندێ منداڵ بێت. پتر لەمەش، پێداگری دوێک لەمەڕ ئەوەی هەموو کەسێک ئەو توانایەی هەیە بتوانێ خۆی لە شێوەبیری داوەستاوەوە ڕووەو گەشەسەند بگۆڕێت، ڕاست نییە.

پاوند (2009) دەڵێت دوو ڕووکاری دی کاری دوێک هەیە کە ڕەخنە بەخۆیان بکێش دەکەن. یەکەمیان وابەستەی بازاڕدۆزیی[60] بەرنامەی کارلێکە داتاکارەکەی خۆیەتی، «مێشکناسی»، کە وەها داڕێژراوە منداڵ فێری کارکردی[61] مێشک بکات وەکی پاژێک لە کارامەییەکانی ڕەوتی خوێندن. ئەو بازاڕدۆزییە پاتەوپاتەی[62] بەرنامەی «مێشکناسی» وەک بەرهەمێک، دەشێت بە شێوەیەکی بەرچاو ببێتە داهێزەری بێلایەنیەتی دوێک وەکی توێژەر و هەروەها ئەو کۆشانەش کە دەبێتە بنەما بۆ بەرنامەکەی «مێشکناسی» دوور نییە پێگەی لە بواری توێژینەوەدا لەدەست بدات.

دووهەم ڕەخنەی بەرشیانی پاوند هەڤبەندە بە ڕوانگەی دوێک کە دەڵێت زیرەکی نەرمەکارە و هەروەها دژوەستانی دوێک دەگەڵ ئەو بەهایەی دەدرێتە نمرەی IQ لەلایەن فێرکاری و سەرلەبەری جڤاکەوە. پاوند Pound دەڵێت، ئەم هەڵوێستە دەشێ ببێتە مایەی گومانی ئەوانەی دەگەڵ ڕوانگەکەی دوێک ناکۆکن، وەکی ئەوانەی بزنزەکەیان قازانجی دارایی دەکەن لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کەرەستەی ستاندارد بۆ هەڵسەنگاندنی زیرەکی (Pound 2009).

دواین خاڵ و ڕەخنەی گشتگیر پەیوەستی نووسینەکانی دوێک-ن. دوێک تا ڕادەیەک خەریکی پاتەبێژیی[63] دۆزەوەی توێژینەوەکانییەتی و چەند جارێکیش هاونەسکی (هاوکۆپی؛ هاونوسخەیی)ی نێوان زاراوەی وەک «بیردۆزەی نەگۆڕ» و «شێوەبیری داوەستاو» هەیە و هەروەهاش «بیردۆزەی پەرەستێن» و «شێوەبیری گەشەسەند». هەروەها بە سووکە نۆڕینێک ئەوە بەدی دەکەیت دوێک زاراوەمەنیی[64] وەها دەکار دێنێت سەر بە ئەمریکان USA، کە بۆی لەبار نەبێت لە

[56] ئاوەربەدەر = Unconvincingly جێی بڕوا نییە، بۆ «ئاوەر» بەرانبەر باوەڕ و دڵنیایی بڕوانە وشەدانی برادۆست و ڤەژین:
bradost.net/ferheng
lex.vejin.net

[57] داکەوت = Reality، داکەوتبەدەر = ناواقیعی؛ ناڕاست Unrealistic.

[58] خشتەی پلەبەندی = league tables

[59] کونجکۆڵ = Curiosity, inquisitively پشکنینی کونج و کەلەبەران

60 بازاڕدۆزی = marketing، بازاڕچێتی، خۆشکردنی بازاڕ بۆ بابەتێک

61 کارکرد = Function

62 پاتەوپات = Explicit دەربڕینی ئاشکرا، ڕوون و ڕەوان. Implicit = نێوتۆژ، بنلێو یان بنتۆژ

63 پاتەبێژی = repetitious

64 زاراوەمەنی = Terminology

وەڵاتانی دیکە ئینگلیزیزمان، وەک «زرنگی» و «گەمژەڵی»یەی دوێک لە وەسفی توانستی منداڵدا بەکاری دێنێت. سەرەڕای ئەمەش، ئەو نۆڕینانە لەو بایەخە کەم ناکەنەوە کە کاری دوێک شایەنیەتی. نووسین و تۆژینەوەکانی دوێک تاوێکی قووڵیان هەیە بەسەر جۆنەتیی کۆشانی فێرکاران بۆ ئافراندنی ئەزموونی پتر پێشڕەوتانەی فێربوون بۆ منداڵ.

پێڕەوکردنی دوێک لەنێو پۆلدا

ئەوەی لە بیرۆکەکانی دوێکدا بەرچاوە بریتیە لەوەی واتابەخشن بۆ فێرکاران کە دەتوانن ئاماژە بدەن بە چەمکی «فێربوونی کارامەبین» و «کۆڵەواریی تێچێن». فێرکار زۆرن کە منداڵ دەناسن لە دۆخی بەرۆکگیردا بەرتەکی جیاوازیان هەیە و پیادەکردنی ئەو ستراتیژییانەی دوێک پێشکەشیان دەکات لە دۆخی نێو پۆلدا زۆر ڕێکوڕەوانن، ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ زیادبوونی تاوی ئەو چەمکانەی دوێک لای پیشەوەران (Pound, 2009). ئەم پاژە ڕووکارە جوایەزەکانی پیادەکرن هەڵدەسەنگێنێت بۆ بارهێنانی شێوەبیری گەشەسەند لای منداڵ. دوێک ئەرخەیانە لەوەی مامۆستا دکارن یارمەتیی فێرخواز بدەن بۆ چاندنی[65] «شێوەبیری گەشەسەند لەنێو فێرخوازاندا کە نە تەنێ سەر بۆ کارایی کورتمەودا دەکێشێت بەڵکە بۆ سەرکەوتنی دوورمەوداش» (Dweck, 2010: 16). دوێک جەخت دەکات لەوەی دەکرێت ئەم کارە ساز بێت گەر مامۆستا فێرخواز هان بدەن پەیرەوی «بیردۆزەی پەرەستێن» بکەن دەربارەی توانست و «کارامەبینی» ڕووەو کۆشانی فێربوونیان. بەگشتی، ئەم کارە بەوە جێبەجی دەبێت کە مامۆستا چالاکیی فێربوون وەکی «دەرفەت بۆ پەیداکردنی (نەک تەنێ پێشاندانی) زانیار و کارامەیی پێشکەش بکات و هەروەها بە فیدباکیش ئەم بیرۆکەیە ڕاهێزێنێت. لە کاتی لەباردا، کۆمەکی فێرخواز بکە پەی بەرێت بەوەی چۆن چالاکییەک دەترنجێتە نێو گشتەیەکی مەزنتردا» (Robins, 2012: 149).

وەک دەستپێک، دوێک دەڵێت فێرکار نابێت وەهای دانێت کە ئەو فێرخوازانەی «خاو» لە چەمک تێدەگەن ئیدی ببڕای ببڕ ناتوانن کارامانە فێر ببن، یانژی تەنانەت لە ئایەندەشدا سەرکەوتوو بن. بەڵکە فێرکار دەبێ بکۆشن بۆ ئەوەی بزانن چییە ئەوەی ئەم فێرخوازە سستانە تێی ناگەن و کەماسیی چ ستراتیژییەکیان هەیە. لەم خاڵەوە فێرکاران دەبێت کۆمەکی فێرخوازان بکەن بۆ دارشتنی ئارمانجی فێربوونی وەها کە بتوانن بیان پێکن لە ڕانواندنی بابەت و مژار لە نێو بەستێنی گەشەسەند و هەروەها پێدانی «فیدباکی پێڤاژۆ»[66] بە فێرخوازان (Dweck, 2012). ئەم فیدباکی پێڤاژۆیە نابێت ئاماژە بدات بە شتێکی هەڤبەند بێت بە توانستی فێرخوازەوە. دوێک جەختیش دەکات لە خۆبواردن لە پێدانی فیدباکی گشتی و پێشنیاز دەکات فێرکار سەرنجی دیاریکراو بدات وەک بەرسف بۆ کاری فێرخواز. لە هەمووشی گرینگتر وریامان دەکاتەوە نەکەوینە داوەریکردنی توانست یا زیرەکیی فێرخواز. دوێک دەڵێت فیدباک دەبیت جەخت لە کۆشش، پەرۆشی، نەرینێکی سێرەگرتوو لە پێڤاژۆی فێربوون و هەروەها فراژووتنی ستراتیژییەکانی فێربوونی کاریگەر (Robins, 2012).

پێتی Petty هەندێ بیرۆکە و ئاکامی پەیوەست بە پیادەکردنی ستایش بۆ فراژووتنی شێوەبیری گەشەسەندی فێرخوازان پێشکەش دەکات.

> خۆت لە «ستایشی کەسبین»[67] بەدوور بگرە، بۆ میناک «من شانازیت پێوە دەکەم؛ تۆ لەمەدا باشیت».
> چونکێ:

---

[65] چاندن = Cultivate

[66] فیدباکی پێڤاژۆ = process feedback

[67] ستایشی کەسبین = Personal orientated praise، ستایشی خەسڵەتی کەسەکی

- وەها گریمانە دەکرێت کە سەرکەوتن بەندە بە ئادگاری کەسەکییەوە.
- فێرخواز فێر دەکات لاوازیی کەسەکیی خۆی بکاتە سەرچاوەی لێکدانەوە.

لەبری ئەوە، «ستایشی پێڤاژۆبین»[68] دەکار بهێنە و ئەمەش سێرەی لەو پێڤاژۆیەیە کە بۆ سەرکەوتن داواکراوە. بۆ وێنە، ستایشی کۆشش و ستراتیژی فێرخوازان بکە.

وەکی، «تۆ بەڕاستی سەخت هەوڵت دا»، «ئەم شێوازی کارکردنە باش بوو». چونکێ ئەمە:

- ئەو ڕایە پێشکەش دەکا کە ڕێز لە دەکارهێانی تەقەلا و ستراتیژییەکانەوە زەنە دەکا.
- فێرخوازان فێر دەکا لە ڕوانگەی کەماسیی کۆشش، یا ستراتیژی نەگونجاوەوە بەربەست لێکبدەنەوە.
- ڕێ دەدات بە ستایشکردنی هەموو فێرخوازێک

هەروەها «ستایشی ئەرکبین»[69] بەکاربهێنە. بۆ وێنە، «هەموو نیشانەکان دروستن»، «ئەمجارەیان تەنێ کەمێک هەڵەی پیتنووسی[70] تێدایە».

(Petty, 2011)

ڕێگەی دیکە بۆ فراژاندنی شێوەبیری گەشەسەند، بە دیدی دوێک، گێڕانەوەی چیرۆکە دەربارەی ئەو دەستکەوتانەی زادەی کۆشش و کاری ڕژدن، بۆ وێنە، سەربوردەی زانا نێودارەکان ئەوانەی بە بەهرەمەندی لەدایک نەبوون لێ بەهۆی کاری ڕژد و خۆشەویستییان بۆ بابەتەکانیان، بەهرەی باڵکێشیان لە بواری خۆیاندا فراژاند (Dweck, 2007). چیرۆک دەربارەی خەڵکی وەکی ئەلبێرت ئەنیشتاین Albert Einstein کە لە سەرەتای خوێندیدا لاواز بوو، تۆماس ئەدیسۆن Thomas Edison لە فێرگە دەرکراوە چونکێ وەهایان زانیوە زیرەک نییە! ئەوەی ڕاستی بێت، بەڵگەی تۆژینەوە پێشانی دەدەن کە خەڵکە نوێگەر و سەرکەوتووەکان خاوەن iQای مامناوەند بوون. ئەمە دەکرێ پەرەی پێ بدرێت لە ڕێی ئاشناکردنی منداڵ بە فێرخوازی زووتر کە بەهۆی کاری ڕژد و تاسەیان بۆ بابەتەکانیان نەشونمایان کردووە.

ڕێبازەکانی[71] دی بۆ بارهێنانی شێوەبیری گەشەسەند، دەکارهێنانی دەرسدانی هەڤاڵکردە کە فێرخوازی گەورەتر منداڵی بچووکتر فێر دەکەن، تێکەڵکردنی فێرخوازی خاوەن دیدگای گەشەسەند و داوەستاو، فراژاندنی بەرنامەی هەڤبەند بە گەشەسەندن و ناساندنی داتاوازی (گەمەی کۆمپیوتەر)[72] ی وەها کە فێرخوازان هاندەدەن ڕووەو هەڵکشان لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر بەهۆی کۆشش (Petty, 2011). وەها باشە فێرکار جەخت لەوە بکەن کە فێربوونی خێرا لەڕاستیدا بریتی نییە لە ئەوپەڕی فێربوونی مانادار و، ئەو فێرخوازەی هەندێک جار کاتێکی زیادتری دەوێ تا درکی بیرۆکەیەک بکات، فێربوونەکەی قووڵتر دەبێت. بە داکۆکی لەو بیرۆکانە بۆ پێشخستنی بیرکردنەوەی گەشەسەند، فێرکاران خەریکی:

---

[68] ستایشی پێڤاژۆبین = Process orientated praise، ستایشی پرۆسە نەک کەس

[69] ستایشی ئەرکبین = Task orientated praise

[70] پیتنووس = Spelling

[71] ڕێباز = Method

[72] داتاوازی = computer game، گەمەی کۆمپیوتەر

گەیاندنی ئاگاداریی[73] گرینگن - بۆ فێرخوازانی ڕادەگەیەنن کە لای مامۆستا هەموو فێرخوازێک خاوەنی زیرەکییە و دەتوانێت خەریکی فراژووتنی ئەو زیرەکییە بێت. مامۆستا ئەوەش ڕادەگەیەنن کە ڕۆڵی مامۆستا داوەری نییە لەوەی داخۆ کام فێرخواز زرنگە و کامیان نا، بەڵکە ڕۆڵی مامۆستا کارکردنە لەتەک فێرخواز تا هەر هەموویان زرنگتر بن (Dweck, 2010: 18).

هەروەها دوێک پێشنیازی ئەوەش دەکا کە فێرکاران پێشانی بدەن کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرۆکگیریدا چێژ دەگرن و هەڵە لایان دەبێتە مایەی سەرسامی و فێربوون. دوێک، وەک فیدباک بۆ فێرخواز کە هەڵە دەکەن، پێشنیازی وەها دەکات: «باشە ئەمە کاری نەکرد. چەند باڵکێشە! ئەمە چیمان پێ دەڵێت؟ ئەوجا دەبێ چ تاقی بکەینەوە؟» (Dweck, 2009a: 311). پتر لەمەش، فێرکار دەبێت بە پێشفەچوونی منداڵ دڵخۆشیی خۆیان نیشان بدەن و بۆ منداڵی ڕوون بکەنەوە چۆن خۆیان بەرملە داوە تا بەرەوپێش بچن. بەرۆکگیری لای دوێک دەرفەتە بۆ فراژووتنی شێوەبیری گەشەسەند لای منداڵ و پێشنیاز دەکات فێرکار پێشانی بدات کە:

> ... بەرۆکگیری خۆش و دڵکێشن و هاوکات ئەرکی سانا بێزارکەر و بێکەڵک پێشان بدەن... وەختێک فێرخواز لە سەرەتادا تەقەلا دەدەن یا هەڵە دەکەن، مامۆستاکە دەبێت ئەمە بکاتە دەرفەت بۆ ئەوەی فێرخواز فێر بکات بکەویتە بەکارهێنانی ستراتیژی دیکە گەر ئەوەی یەکەم کاری نەکرد، چۆن مرۆڤ هەنگاوێک پاشەکشە دەکات و بیر لە هەنگاوی داهاتوو دەکاتەوە، وەکی پەیجۆر کە چارەی کێشەیەک دەکات.
>
> (Dweck, 2010: 18)

بە هەمان جۆر، Gilbert (2002) پێشنیازی ئەوە دەکا فێرکار دەبێ فێرخوازان فێر بکەن ئارمانجی باڵا دیاری بکەن و «ستراتیژیی هەڵکردن»[74] coping strategy بەکار بهێنن وەختێک کار وەک پێویست هەڵناسووڕێت، لێ مکوڕە لەوەی ئەم باسە نابێت بەشدارنەبوون لە فێربووندا بەهۆی شیمانەی شکەست، هاوئامێز بکات: «هەریەک لە ئێمە چ چانسێکمان هەیە گەر ژیانمان بە دوورەپەرێزی لە شیمانەی دۆڕان بەسەر بەرین؟» (Gilbert, 2002: 25). ئەم، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست منداڵ بە تازە نەمام دەچووێنێت، منداڵ پێویستیان هەم بە جاودێرییە و هەم بە توانستی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرۆکگیری و سەختییە تا لە ژیان و فێربوونیاندا سەرکەوتوو بن. نەمامیش پێویستی بە بەرگەگرتنە «پتەو بێت»، بۆ ژیانی دەرەوەی جامخانەی پارێزەری نەمامگە. بەبێ ئەمە، وەختێک تووشی ڕەشەبا، کەشوهەوا و باخەوانی نەزان دەبن بەرگە ناگرن و دەمرن (Gilbert, 2002: 25). هاوشێوەی دوێک، Gilbert یش مکوڕی ئەوەیە منداڵ پێویستی بە «پتەوکردن»ـە، بەتایبەت ئەوانەی بە کارایی باڵا ڕاهاتوون و مەرج نییە ئەزموونی شکەستیان هەبێت. گەرچی دەشێت سەخت ڕانوێنێت بەڵام فێرکار چەندی پتر کار بۆ منداڵ بکات، منداڵ کەمتر هەوڵ دەدات خۆی کار بکات، لە ئاکامیشدا زنجیرەیەکی یەکبینی «کۆڵەواریی تێچێن» دادەڕێژن (Dweck, 2000; Gilbert, 2002).

ڕووکارێکی پاتەوپاتی بارهێنانی شێوەبیری گەشەسەند دەنێو فێرخوازان بریتیە لەوەی فێریان بکەین کە مێشک وەک «مەکینەیەکی فێربوون» کار دەکات (Dweck, 2007: 42). دوێک جەخت دەکات لەوەی گەر ڕوونی بکەیتەوە بۆ منداڵ، کە هەر جارێک مرۆڤ فێری شتێک دەبن ئەوا مێشک تەونی نوێ چێ دەکات، بەوەش منداڵ پەی دەبات بەوەی توانستی فرەوان دەبێت و دەتوانێت بیخاتە کار بۆ پێشخستنی کاری فێرگە. ئەم ڕایەی دوێک زادەی توێژینەوەکەیەتی کە خویای کرد، ئەو فێرخوازانەی لەمەڕ کارکردنی مێشک وانەیان پێ گوتراوە، پێشفەچوونی بەهێز لە ئەنگیزەیان بۆ فێربوون

---

[73] ئاگاداری = Information

[74] ستراتیژیی هەڵکردن = coping strategy، لە دەروونناسیدا چەمکە بۆ ئەو ستراتیژانەی مرۆڤ ئاگایانە دەنگرێتە بەر بۆ سەودا لەتەک دۆخی پڕ سترێسی هەستەکی بێت یان جڤاکی.

نمایان کردووە. پتر لەمەش، ئەو فێرخوازانە نمرەکانیشیان بەرز کردۆتەوە. لەم تۆژینەوەوە بەرنامەی کارلێکی داتاکار: «مێشکناسی» Brainology فراژی بووە، منداڵان ئاشنا دەکات بە چۆنیەتیی کارکردنی مێشک و چۆنەتی گۆڕینکاریش بەدەم فێربوونەوە. لە هەمووشی گرینگتر فێرخواز ئاشان دەکات بەوەی دکارن چ بکەن تا مێشک باشتر کار بکات (Dweck, 2009a). هەرچۆنێک بێت، جەختیش دەکرێت لەوەی فێرکار بێ دەسڕاگەیشتن بە بەرنامەی «مێشکناسی» دەتوانن کاری مێشک هاوئامێزی وانەکانیان بکەن، بەتایبەت لە وانەکانی کارزانیی فێربووندا. بۆ ئەم مەبەستە داوا لە فێرخواز دەکەیت مێشک وەک ماسوولکە وێنا بکات، بەدەم بەکارهێنانەوە — کە دەکاتەوە فێربوون - بەهێزتر دەبێت، هەروەها داوایان لێ دەکەیت وێنای مێشکی خۆیان بکەن چۆن پێوەندیی نوو ساز دەکەن بەدەم فێربوونەوە (Pound, 2009).

دوێک مکوڕی ئەوەیە فیدباکی پاش هەڵسەنگاندنی ئەرک دەبێت هەستی بەرەوپێشچوون ڕووەو کارامەیی بە فێرخوازان بدات. پاش دەرەنجامی هەڵسەنگاندن فێرخواز دەبێ هاندرابن بۆ مامەڵەت دەگەڵ ئەرکی وەها کە زووتر هەوڵیان بۆ نەدەدا، بەو چەشنە بواریان دەبێ بیرۆکەی نوێ تێبگەن. لە کردنی وەهادا، فێرکاران دەبێ ئەوە بۆ فێرخوازان نمایان بکەن ئەوە کۆششی خۆیان بوو بۆ تەواوکردنی ئەرک کە بووە هۆی بەرەوپێشچوونیان. دوێک ئاماژە بە نموونەی وەها دەکا، ڕەنگە تا ڕادەیەک جێی مشتومڕ و تەنانەت بەرگومانیش[75] دەربکەوێت. فێرکار هەبوو، لەوانەی دوێک لە ماوەی تۆژینەوەکەیدا لێی نۆڕیون، بۆ خویاکردنی پێشڤەچوونی فێرخواز، لە دەستپێکی یەکەیەکی خوێندندا بەرەئاروین[76] ـیان بە فێرخواز دەکرد. ئەم بەرەئاروینانە بەمەبەست باسی وەهایان هاوئامێز بوون کە فێرخواز زووتر بەریان نەکەوتوون (نەیان خوێندوون). ئەوجا، وەختێک فێرخواز نمرەی کەمی بەرەئاروین - کە جێی سەرسوڕمان نییە - دەگەڵ نمرەی بەرزی «پاشەئاروین» پێک دەگرن،[77] بەو بیرۆکەیە ڕا دێن کە فێربوون بە پیادەکاری هەڵدەکشێت (Dweck, 2010). ڕێبازێکی دیکەی هەڵسەنگاندن کە فێرکار بۆ یارمەتیی سازاندنی شێوەبیری گەشەسەند لای منداڵ بریتییە لە نەپەژراندنی نمرەیەک کە مانای شکەست دەدات. هەمدیس دوێک ئاماژە دەدات بە نموونە لە ماوەی تۆژینەوەکەیدا نۆڕیویەتی، کە فێرکار پلەی «هێشتاش نا» بەکار دێنن، چونکێ ئەم نمرەیە فێرخواز شەرمەزار و چاوشکێن ناکات، لەبەر ئەوەی دەزانێت بەڵەدبوون لە کاتی خۆیدا و بەدەم پیادەکارییەوە زەنە دەکات. دوێک باڵکێشیی ئەم باسە بۆ کاروبار ڕوون دەکاتەوە:

> وشەی «هێشتا» بەنرخە و دەبێت لە هەموو پۆلێکدا بەکار بهێنرێت. هەر چ کاتێک فێرخوازان بڵێن ناتوانن شتێک بکەن یا لە شتێکدا باش نین، مامۆستاکە دەبێ «هێشتا» بخاتە سەر قسەکانیان. ئەم خووە سادەیە ئەو بیرۆکەیە ڕادەنوێنێ کە توانست و ئەنگیزە شلەمەنن (Dweck, 2010: 19).

دوێک پێشنیازی بژاردەیەکی دیکەش دەکات بۆ پێڕەوکردنی لە هەڵسەنگاندندا ئەویش هاوئامێزاندنی پێودانگی نوێیە بۆ شێوەبیری گەشەسەند لەو نمرەیەی دەدرێتە فێرخواز، بۆ نموونە، نمرەی پلەی کۆشش، خۆڕاگری، سەواد لەتەک بەرۆکگیریدا و پێشڤەچوون بەدەم کاتەوە (Dweck, 2010).

لە کۆتادا، دوێک بەرشتیشە لەسەر ئەوەی فێرکار خۆشیان دەبێت بیرێک لە جۆری شێوەبیری خۆیان بکەنەوە. هەروەها لەسەریانە بکۆشن ئەنگیزەی دڵگەرمیی خۆیان بگوێزنەوە هەموو فێرخواز و کات بەو فێرخوازانە بدەن کە دەکۆشن بۆ

[75] بەرگومان = Questionable

[76] ئاروین = test، بەرەئاروین = pre-test، ئاروینی پێش دەستپێکی یەکەی وانە، پێچەوانەی «پاشەئاروین» post-test بۆ ئاروینی پاش کۆتابوونی وانە.

[77] پێکگرتن = Contrasting

تێگەیشتنی چەمک (Pound, 2009). پتر لەمەش، دوێک داکۆکی دەکات لەوەی گشت فێرکاران دەبێت ئاشنای ئەم شێوەبیری گەشەسەندە بن و فێر بکرێن چۆن دەگەڵ فێرخواز پێڕەوی دەکەن. دوێک پێشنیاز دەکات ئەم باسە لە پلانی فێرکاریی ڕشتەی مامۆستایەتیدا تێچین بکرێت و لە بەرنامە دەوامەدارەکانی فراژووتنی پیشەوەرانەی[78] فێرکاراندا ڕاهێزرێت. ڕاهێنانی وەها دەبێت ئەمانە لەخۆ بگرێت:

- دوایین دۆزەوەکانی «نەرمۆڵەیی مێشک»[79] و کاریگەرییان بۆ شیمانەی فێربوون لای منداڵ
- پەیبردن بەوەی دڵگەرمی و «خۆپێشخستن»[80] - نەک بەهرەی هەنووکە هەیە - سەرکەوتنی درێژمەودا بۆ فێرخواز دابین دەکات
- ئەو دۆزەوانەی پێشانی دەدەن کە «ستایشی پێڤاژۆ» پتر دەرفەتسازە بۆ خۆباوەڕی ئەنگیزەی ڕەگاژۆ نەک ستایشی زیرەکی یانژی ستایشی ئاکام و،
- ئاگاداری لەمەڕ پێویستیی فێرخواز بە بەرۆکگیریی گونجاو لە هەموو ئاستەکاندا.

(Dweck, 2008: 14)

ئەرکی بیردانەوە

دوێک داکۆکی دەکات لەوەی فێرکار کۆمەکی منداڵ بکات بۆ چێکردنی بیردۆزەی پەرەستێن بۆ خۆیان و خۆشکردنی زەمینە بۆ شێوەبیری گەشەسەند بۆ ئەوەی فێرخواز بکەونە فراژاندنی فێربوونی مانادار و درێژمەودا. بە بیردانەوە لە ئەزموونەکانی خۆت لە ماوەی خوێندنت، تا چ ئاست و شێوازێک، پێت وەهایە هاندراوی تا شێوەبیری گەشەسەندت هەبێت؟ لیستێک بەو ستراتیژییانە ئامادە بکە کە تۆ دەتوانیت پیادەیان بکەیت بۆ چاندنی بۆچوونی دوێک دەربارەی شێوەبیری گەشەسەند دەنێو فێرخوازاندا وەک پاژێک لە کاری ئایەندەی نێوپۆلی خۆت.

پوختە

دوێک پرۆفیسۆرێکی ئەمریکیی دەروونناسی و تۆژەرە. دوێک ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی وەشان کردوون لەمەڕ ئەنگیزە و خۆبیردۆزەی فێربوون کە شایانی پیادەکردنن لە بواری فێرکاریدا. شابیرۆکەی دوێک دەڵێت دەکرێت مرۆڤ بەسەر یەک لە دوو گرووپی جوێدا دابەش بکرێن. یەکەمیان، بیردۆزی نەگۆڕ ئەوانەی پێیان وەهایە زیرەکییان جێگیرە و گۆڕانبەدەرە، دوێک ئەم کەسانە بە خاوەن شێوەبیری داوەستاو ناودێر دەکات. دووهەم گرووپیش، بیردۆزی پەرەستێنن کە پێیان وەهایە زیرەکییان دەشێ بگۆڕێت و بەهۆی کاری ڕژدەوە بفراژێت، دوێک ئەمانە بە خاوەن شێوەبیری گەشەسەند ناودێر دەکات. دوێک ڕای وایە فێرکار دەبێت بکۆشن تا یارمەتیی منداڵ بدەن بۆ پەیداکردنی شێوەبیری گەشەسەند کە ئەمەش یارمەتیان دەدات ببنە ئەو فێرخوازانەی خۆشهاتن لە بەرۆکگیری و کاری ڕژد دەکەن. بەشێک

---

[78] پیشەوەرانە = Professional، فراژووتنی پیشەوەرانە = professional development

[79] نەرمۆڵەیی مێشک = neuroplasticity, neural plasticity, brain plasticity، توانای تەونی دەمارکارە لە مێشکدا بۆ گۆڕان بەدەم گەشەکردن، ڕێکخستنەوە و ئەزموونەوە.

[80] خۆپێشخستن = self-improvement

لەو بیرۆکانەی ئەم داکۆکیان لێ دەکات بۆ چاندنی شێوەبیری گەشەسەند ئەم بابەتانەی هاوئامێزە: بەکارهێنانی ستایش و فیدباکی شیاو، پێدانی ئەرکی بەرۆکگیرانە و، دانوستاندن دەربارەی ئارمانجی پێڤاژۆی کەسەکیی فێرخواز و هەروەها ستراتیژەکانی فێربوونیان. تۆژینەوە و نووسینە بەراییەکانی دوێک باسیان لە بیرۆکەی «کۆڵەواریی تێچێن»ـە؛ کە پاشان فراژا لەلای بۆ خولیای شێوەبیر و ئەنگیزە.

بیرۆکەکانی دوێک، بەتایبەت بیردۆزەی نەگۆڕ و شێوەبیری داوەستاو، واتاکێشەکێی بیردۆزەی کلاسیکی فرۆید Classical Freudian theoryـە کە دەڵێت خەڵکی ستایشیان پێخۆشە و خۆیان لە فیدباکی نایەتی دەبوێرن. بیردۆزەی پەرەستێن و شێوەبیری گەشەسەندی دوێک لە نزیکەوە واتاکێشەکێی بیرۆکەی بیرمەندانی «هەڵبەستایەتیی جڤاکی»یە، وەکی پیاژێ Piaget، ڤیگۆتسکی Vigotsky و، برونەرە Bruner. پتر لەمەش، بۆچوونی دوێک دەربارەی «خۆبیردۆزە» هاوشێوەی چەمکی «خۆتوانا»ی باندورایە Bandura، خۆتوانای ئایەتیی تەریبە دەگەڵ شێوەبیری گەشەسەند و خۆتوانای نایەتی دەگەڵ شێوەبیری داوەستاو. بیرۆکەی دوێک دەربارەی «شلەمەنیی زیرەکی» هاوتەریبە لەگەڵ بیری ئەمدواییانەی زیرەکی وەکی «فرەزیرەکی»ـی گاردنەر Gardner و «زیرەکیی سۆزیارانە»ی Goleman. هەروەها لینکی بەراوردکاری هەیە لەنێوان بیری دوێک لەمەڕ سەنگی کۆشش و کاری ڕژد دەگەڵ جەختی کلاکستۆن Guy Claxton لەسەر نەرمەکاری لە پێڤاژۆی فێربووندا.

ڕەخنەکان لە کاری دوێک ئاڕاستەی ئەو سروشتە ساکار و فرەگەشبیرەی کارەکەی دەکرێت، بەتایبەت لە جەختکردنی لەسەر کاڵای بەرهەمهێنراو لە سیستەمی فێرکاریدا. ئەو بایەخەی دوێک دەیداتە کۆشش و کاری ڕژد، گەر نەشیاوانە بچەرخێت، دەشێت زیانبەخش بێت بۆ منداڵ نەک یاریدەر. هەروەها پشتیوانیی دوێک لە بەرنامەی «مێشکناسی» Brainology، لەبەر ئەوەی دەشێت لایەنگیرانە بێت، ڕەخنەی داگیرساند. ڕەخنەیەکی دیکە بریتیە لەوەی پاتەبێژی لە نووسینەکانی دوێکدا بەدی دەکرێت.

سەرەڕای ئەو ڕەخنانەش، کاری دوێک بۆ پێشخستنی فراژووتنی شێوەبیری گەشەسەند لە فێرخوازاندا، دەرەنجامێکی ئایەتی و درێژمەودای بۆ فێرخوازان هەیە تا ئەنگیزە بدرێن چێژ لە بەرۆکگیرییەکانی فێربوونی مانادار وەربگرن.

بۆ خوێندنەوەی زیادتر

Boaler, J. and Dweck, C. (2016) *Mathematical Mindsets: Unleashing students' potential through creative Math, inspiring messages and innovative teaching.* San Francisco, CA: Jossey-Bass.

Practical examples of teaching and learning methods in mathematics which help children develop creative mathematical mindsets.

Elliot, A., Dweck, C. and Yeager, D. (eds) (2017) *Handbook of Competence and Motivation: Theory and application* (Second Edition). New York, NY: Guilford Press.

A comprehensive text which explores the theory and associated classroom practice related to motivation and achievement.

Gershon, M. (2016*) How to Develop Growth Mindsets in the Classroom: The complete guide.* Scotts Valley, CA: Createspace.

A guide which offers innovative suggestions to enhance children's growth mindsets; in particular how to promote resilience and help children enjoy tackling challenges.

سەرچاوە

Claxton, G. (2002) Learning and the Development of 'Resilience'. In: Pollard, A. (ed.) *Readings for Reflective Teaching.* London: Continuum.

Dweck, C. (1975) Role of expectations and attributions in alleviation of learned helplessness

Journal of Personality and Social Psychology, 31(4), 674-85

Dweck. C. (2000) *Self-theories: Their role in motivation, personality and development*. Hove

Psychology Press.

«...»